**هاریكاری ئیسلامی**

# التضامن الإسلامي

< كردي >

شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

**الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز**

وەرگێڕانی: كاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

الترجمة: كاروان رشيد محي الدين

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# هاریكاری ئیسلامی

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده.. أما بعد:

گومانی تێدا نیه خوای پەروەردگار لەپێناو پەرستنی خۆیدا دروست كراوەكانی بەدی هێناوە، پێویستە بە تەنها خۆی بپەرسترێت و نابێت بەهیچ شێوازێك هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦. واتە: {جنۆكەو ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروست كردووە كە بەندایەتی من بكەن.}

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ٢١.

واتە:{ئەی خەڵكینە پەروەردگارتان بپەرستن كە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست كردووە، بەڵكو بەو پەرستنە خۆتان بپارێزن.}

خوا فەرمانی كردوە بەو شێوەیە بیپەرستین، لەو پێناوەدا پێغەمبەرانی ڕەوانە كردوەو كتێبە ئاسمانیەكانی دابەزاندون بۆ ڕۆشنكردنەوەی ئەو ڕاستەقینەیەو بانگەواز كردن بۆی، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا ﴾ النساء: ٣٦. واتە: {تەنها خوا بپەرستن و هیچ شتێكیش مەكەنە هاوبەشی} لە شوێنێكی دیكەدا دەفەرموێت: ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴾ الإسراء: ٢٣. واتە: {پەروەردگارت بڕیاری داوە هیچ شتێك نەپەرستن جگە لە ئەو}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ووشەی"قضـى" بەواتای فەرمان كردن و ئامۆژگاری كردن دێت. وە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾ البينة: ٥. واتە: { "لەگەڵ ئەوەشدا" فەرمانیان پێ نەدرابوو جگە لەوەی خواپەرستی بكەن و بەپاكی و دڵسۆزی ملكەچی بۆ بكەن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەموو بیروباوەڕێكی خوارو خێچ و }

لەشوێنێكی دیكەشدا فەرمویەتی: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ النحل: ٣٦. واتە: { سوێند بەخوا لەناو هەموو گەل و ئوممەتێكدا پێغەمبەرێكمان ناردووە بەمەی تەنها خوا بپەرستن و دوور بكەونەوە لە پەرستنی هەر پەرستراوێكی تر } هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴾ الأنبياء: ٢٥. واتە: {ئێمە نەمان ناردووە پێش تۆ هیچ

پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان ناردووە بەوەی بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێكی ڕاست نیە، كەواتە بەتەنها من بپەرستن.} لە شوێنێكی دیكەشدا دەفەرمووێت: ﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ١ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ﴾ هود: ١ - ٢. واتە: {ئەمە كتێبێكە ئایەتەكانی پتەو داڕێژراوەو پاشان ڕوون كراوەتەوە لەلایەن خوای كاردروستی زاناوە، بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەپەرستن بێجگە لەخوا، بەڕاستی من لەلایەن ئەو خوایەوە بۆ ئێوە ترسێنەرو موژدەدەرم.} هەروەها دەفەرمووێت: ﴿هَٰذَا بَلَٰغٞ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِۦ وَلِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ إبراهيم: ٥٢.

واتە: {ئەم قورئانە ڕاگەیاندن و جاڕێكە بۆ هەموو خەڵك تا پێی بێدار بكرێنەوە، بۆ ئەوەی بزانن بەبێ گومان ئەو خوایە پەرستراوێكی تاك و تەنهایە، تا خاوەن ژیرییەكان بیربكەنەوەو پەند وەربگرن.}

لەم چەند ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار فەرمان بە بەندەكانی دەكات بەتەنها خۆی بپەرستن و بەڕاشكاوی هەواڵی ئەوەمان دەداتێ كە مرۆڤ و جنۆكەی بۆ ئەو مەبەستە دروست كردووە، ڕەوانەكردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی كتێبە ئاسمانییەكانیش هەر لەو پێناوەدا بووە بەئامانجی ڕۆشن كردنەوەی ئەو داواكارییەی پەروەردگارو بانگ كردنی خەڵك بۆ پەرستنی خوای گەورە.

حەقیقەت و واتای پەرستن "العبادة": بریتیە لە گوێڕایەڵی كردنی خواو پێغەمبەر ﷺ بەشێوەیەكی دڵسۆزانە لە هەموو كاروبارێكداو، جێبەجێكردنی فەرمانەكانیان و دوركەوتنەوە لەو شتانەی قەدەغەیان كردون و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە هەمویان هاوكاری یەكدی بكەن و دڵەكان ڕام بكەن و بەرەو لای پەروەردگار ئاڕاستەیان بكەن و، هەموو پێویستی و داواكاریەكانیان بە ملكەچی و باوەڕو دڵسۆزیی و ڕاستگۆییەوە ئاڕاستە بكەن، هەروەك پشت بەستن و داواكاری و ترسیان دەبێت لە خوای پەروەردگار بێت، لەگەڵ گرتنەبەری ئەو هۆكارانەی كە پەروەردگار مۆڵەتی بەبەندەكانی داوە تا بیانگرنەبەرو مۆڵەتیشی پێداون، بەم شێوازە كاروباری دین و دونیامان دامەزراو دەبێت و بەرژەوەندی دونیایی و دواڕۆژی بەندەكان ڕێك دەخرێت، بێگومان تەنها بەڕوكردنە بەرنامەكەی پەروەردگارو بە تەنها پەرستنی ئەو، بەندەكان چاك دەكات و پشو دەداتە دڵەكانیان و دڵنیایی دەداتە ویژدانیان و بەملكەچی بۆ فەرمانەكانی و دوركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی و ئامۆژگاری كردن بۆیان بەو شێوازەو نەبەزاندنی ئەو سنورانەی پەروەردگار بۆ بەندەكانی داناوە، وەك دەفەرمووێت: ﴿تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٣ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدۡخِلۡهُ نَارًا خَٰلِدٗا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾ النساء: ١٣ – ١٤. واتە: {ئەو یاسایانە سنورەكانی خوان و هەركەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بێت، ئەوە پەروەردگار دەیخاتە ناو بەهەشتانێك كە ڕووبارەكان دێن و دەچن بەژێریانداو لەو

بەهەشتانەدا بەهەمیشەیی دەمێننەوە، ئا ئەوەیە سەرکەوتنی زۆر گەورە. هەرکەسێکیش سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات و سنورەکانی پەروەردگار ببەزێنێت، دەیخاتە ئاگرێکەوەو هەمیشە تیایدا دەمێنێتەوەو سزایەکی ریسواکەری بۆ هەیە.}

شتێکی ڕون و ئاشکرایە کاروباری بەندەکان لەناو خۆیاندا تەواو نابێت و بەرژەوەندییەکانیان ڕێك ناخرێت و کۆدەنگ نابن و دوژمن لێیان ناترسێت، مەگەر بەو هاریکاریە ئیسلامییە نەبێت کە ڕاستیەکەی بریتییە لە هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر بنەمای چاکەخوازی و تەقواو هاوبەرپرسیاری و هاوسۆزی و، ئامۆژگاری کردنی یەکدی لەسەر هەق و شوێن کەوتنی ڕاستی و ئارام گرتن لەسەری. بەدڵنیاییەوە ئەمە گرنگترین ئەرك و واجباتی ئیسلامییە، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هاریکاری ئیسلامی نێوان موسڵمانان چ لەنێوان تاك و کۆمەڵ و دەوڵەتان و گەلانی موسڵماندا گرنگترین پێویستییەو بەردەوام موسڵمانان پێویستیان پێی دەبێت و، سەرەتاو دەسپێکی کارەکان لەوێوە دەست پێدەکەن بۆ چاکسازی و بەرقەراری ئاینەکەو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی موسڵمانان و یەکخستنی ریزەکانیان دژی دوژمنە هاوبەشەکانیان.

بێگومان بەڵگەی زۆرمان لەقورئان و سوننەت لەبەردەستایە کە باسی هاریکاری نێوان موسڵمانان دەکەن، ئەگەر بە لەفزیش ڕاستەوخۆ ئاماژە بە وشەی " التضامن " نەکرابێت، ئەوا لەلای ئەهلی عیلم هەر هەمان واتا دەگەیەنێت، بەدڵنیاییەوە شتەکان بەپێی حەقیقەت و واتاکانیان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت نەك تەنها بە لەفزەکانیان.

التضامن: بەواتای هاریکاری و سەرخستن و ئامۆژگاری کردنی یەکدی دێت، هەمانکات فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپەو بانگەواز کردن بۆ لای خوای پەروەردگارو ڕێنمایی کردنی خەڵکی بۆ بەرجەستەکردنی هۆکارەکانی دڵخۆشی و ڕزگاربون و هەر شتێکیش کە ئیسلاحی دونیایی و دواڕۆژی بەندەکانی تیادا بێت دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، هەروەها فێرکردنی کەسانی نەشارەزاو هاوکاری و بەدەمەوە چونی کەسانی دڵشکاو و پەست و سەرخستنی ستەملێکراو و، ڕەتکردنەوەی ستەمی ستەمکارو، پاراستنی سنورو هێمنایەتی، گرتنی دەستی خراپەکاران و تێکدەران و، پاراستنی شەقامەکانی هاتوچۆی نێوان موسڵمانان لەناوخۆ و دەرەوەداو فەراهەم کردنی هاتوچۆکردن لە ڕێگەی وشکانی و دەریایی و ئاسمانییەوەو دابینکردنی هێڵەکانی پەیوەندی کردن و ئاسانکاری لە هاوکاری نێوان موسڵماناندا بۆ پارێزگاری کردن لە هەق و ڕاستی و چەسپاندنی دادگەری و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و هێمنایەتی و ئاشتی لە هەموو شوێنێکدا. وە ئاشتکردنەوەو چاکسازی نێوان موسڵمانان و چارەسەرکردنی ناکۆکییان و جەنگکردن لەگەڵ تاقمی سەرکەشی موسڵماناندا هەتا ئەو کاتەی ملکەچ دەبێت بۆ فەرمانی خوای پەروەردگار، وەك چەسپاندنی فەرمانی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێت: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصۡلِحُواْ ذَاتَ بَيۡنِكُمۡ ﴾ الأنفال: ١. واتە: {کەواتە خۆتان بپارێزن و لەخوا بترسن و پەیوەندی نێوان خۆتان

چاك بكەنەوەو}، هەروەها دەفەرموویت: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا عَلَى ٱلۡأُخۡرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِي تَبۡغِي حَتَّىٰ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ أَمۡرِ ٱللَّهِۚ فَإِن فَآءَتۡ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا بِٱلۡعَدۡلِ وَأَقۡسِطُوٓاْۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴾ الحجرات: ٩ – ١٠ واتە: {ئەگەر دوو كۆمەڵ لە باوەڕداران دژی یەكتر جەنگیان كرد، ئەوە لەنێوانیاندا ئاشتەوایی بكەن و ئینجا ئەگەر كۆمەڵێكیان دەستدرێژییان كردە سەر ئەو كۆمەڵەی تریان، ئەوە ئێوە "موسڵمانان" لەگەڵ ئەوەیان بجەنگن كە دەستدرێژی دەكات تا ئەو ساتەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا "ملكەچی فەرمانی خوا دەبێت"، ئینجا ئەگەر گەڕایەوە ئەوسا لەنێوانیاندا بەدادگەرانە ئاشتەوایی بكەن و ڕاست و دادپەروەربن لەنێوانیاندا، بێگومان خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت. بێگومان تەنها باوەڕداران بران، كەواتە ئەگەر لەنێوان دوو براتاندا "ئاژاوە هەبوو" ئاشتەواییان بكەن و لەخوا بترسن تا ئەویش ڕەحمتان پێ بكات.}

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا پەروەردگار فەرمان بەموسڵمانان دەكات لە خوا بترسن و بەشێوەیەكی گشتی پەیوەندی برایانەی نێوانیان پەرە پێ بدەن و، ئەگەر دوو كۆمەڵ لە موسڵمانان كەوتنە جەنگ كردنی یەكتری، ئەوا لەسەر موسڵمانان پێویستە هەموو هەوڵێكی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئاشتكردنەوەیان و وەستاندنی جەنگ و كوشتار، پێویستە جەنگ لەگەڵ لایەنی سەركەشدا بكرێت تا ئەو كاتەی دەگەڕێتەوەو ملكەچبونی خۆی بۆ فەرمانی خوای گەورە ڕادەگەیەنێت، وە پێویستە پرۆسەی ئاشتی و ڕێكەوتننامەكەش لەسەر بنەمایەكی دروست و پڕ لە دادگەری و ویژدان بنیات نرابێت نەك لەسەر حەزو ئارەزو و ستەم، ئایەتەكان ئەوەش ڕادەگەیەنن موسڵمانان هەموویان برای یەكن سەرباری جیاوازییان لە ڕەنگ و شێوەو زمان و نەتەوەدا، بەدڵنیاییەوە ئاینی ئیسلام ئەو هەموو جیاوازییانە یەكدەخات و موسڵمانان دەكاتە یەك جەستەو، پێویستە بەشێوەیەكی دادگەرانە لەنێواندا بڕیار بدەین و هاوكاریان بین، وە ڕێگە نەدەین موسڵمانان لەناو خۆیاندا دژایەتی یەكدی بكەن و لە وەها دۆخێكدا لەسەر براكانیان پێویستە سوڵح و ئاشتەواییان بكەن.

ئایەتەكان ئەوەشمان پێ دەڵێن ئەم جۆرە شەڕو ناكۆكییەی نێوان موسڵمانان ئەوان لە ئاینی ئیسلام ناباتە دەرەوە، ئەمەش قسەی ئەهلی سوننەتی و جەماعەیە بەپێچەوانەی خەواریج و موعتەزیلەوە، پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱقۡتَتَلُواْ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَهُمَا ﴾.

ئەگەر لە ئایەتەكە ورد ببینەوە بۆمان دەردەكەوێت هەر بەباوەڕدار ناوی بردون لە كاتێكدا كوشتاری یەكتریش دەكەن، وە زۆربەی تاوانەكان موسڵمان لە بازنەی ئیسلام ناباتە دەرەوە، ما دام كەسی سەرپێچیكار ئەو تاوانە بە حەڵاڵ نازانێت،بەڵام ئەنجامدانی تاوانەكە باوەڕی مرۆڤ لاواز دەكات، دواتر پەروەردگار لە كۆتایی ئایەتەكاندا بە تەقوا ئامۆژگاری موسڵمانان دەكات و سۆزو میهری خۆی دەبەستێتەوە بەئەندازەی لەخوا ترسانیانەوەو دەفەرموویت: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴾ ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە تەقوا لە هەموو كاروبارێكدا هۆكاری سۆزو

میهری خواو ڕزگاربون و چاکسازییە لە بارودۆخە ئاشکراو نهێنییەکاندا. هاوکاری و ئاڵوگۆڕی سیاسی نێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکان دەچێتە چوارچێوەی هاریکاری ئیسلامییەوە، بەو مەرجەی بەنییەتێکی باش و وەك هاوکاری ئەو کارە ئەنجام بدرێت و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات بە ڕێگایەکی دروستی شەرعی و، دەست نیشانکردنی پیاوانی لێهاتوو لە کارکردن و ئاین و ئەمانەت پارێزییاندا بۆ ئەم بابەتە گرنگە.

وە ئاڕاستەکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو ئامانجەی لە خزمەتی کۆمەڵگاو بەرژەوەندییە گشتییە دونیایی و دواڕۆژییەکانی کۆمەڵدایەو پاکژکردنەوەی لەو هەموو شتانەی پێچەوانە دەوەستنەوە، ئەمەش هەر دەچێتە چوارچێوەی هاریکاری ئیسلامییەوە، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی هاریکاری کردن لەسەر چاکەو تەقوای خوا، وەك دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢.

واتە: {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بترسن لەخوا ترسانێك کە شیاوی ئەو بێت، وە مەمرن هەر بەموسڵمانی نەبێت.} لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای پەروەردگار فەرمان بەبەندە باوەڕدارەکانی دەکات بەشێوەیەك پارێزگاری لە سنوری خوا بکەن کە شیاوی ئەو بێت و لەسەر ئەو تەقوایەش بەردەوام و دامەزراوبن تا ئەو کاتەی دەمرن هەر بەو شێوەیە بمێننەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە تەقوا چاکسازی ناخ و دەرەوەی مرۆڤی پێوە بەستراوەتەوەو هۆکارە بۆ کۆدەنگی و یەك ڕیزی و ئامادەکاری بەندەش بۆ ئەوەی ببێتە بەندەیەکی چاك و چاکساز.

هەرچی ئامادەکردنی بەندەشە بۆ ئەوەی کەسێکی چاك و چاکەخوازو ڕێنیشاندراو و ڕێ نیشاندەرو سودبەخش بێت بۆ براکانی و ئازارو ئەشکەنجەیان لێ دوربخاتەوەو لەسەر خێرو چاکە هاوکارییان بکات ، لەبەرئەوە پاش کۆتایی ئەو ئایەتە ڕاستەوخۆ پەروەردگار فەرمان بەباوەڕداران دەکات پەیوەست بن بەئاینی خواوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴾ آل عمران: ١٠٣.

واتە: {هەمووتان دەست بگرن بەهۆی پەیوەستیتان بەخواوە کە "قورئانە"، وە چەند بەرەکەو "لێك جیا مەبن}

حەبلی خوای گەورە: بریتییە لەو ئاینەی کە قورئانی پیرۆزی دابەزاندووەو پێغەمبەری ﷺ ناردوە، بەدڵنیاییەوە پەیوەست بون پێیانەوە دەست گرتنە بەئاینی خواوەو کارکردن بەپێی فەرمایشتەکانیان و بانگ کردنی خەڵکی بۆ لای و کۆبونەوە لەسەری، لەپێناو ئەوەی ببێتە ئامانجی هەموو موسڵمانان، وە خولگەیەك بێت بۆ کۆبونەوەی هەموان لە دەوری و، سەرچاوەی هێزی موسڵمانانیش پەیوەست بونیانە بەئاینی خواوەو، پێویستە لە هەموو کاروبارێکیاندا ئەو بکەنە دادوەرو لەژێر ڕۆشنایی نوری ئەودا کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر بکەن، بەو شێوازە ئەوان یەکگرتو و یەك ئامانج دەبن و، دەبنە لانکەی هەموو موسڵمانانی جیهان و فریای کەسانی دڵشکاو دەکەون و دەبنە قەڵایەکی بەهێزو پتەو دژی دوژمنان، بەم کۆبونەوەو یەکگرتن و بەدەمەوەبونە، هەیبەتی موسڵمانان

لەناو دڵی دوژمناندا گەورە دەبێت و ئیدی لێرەوە شیاوی سەركەوتن و پشتیوانی خوای پەروەردگارن، هەر بەم هۆیەشەوە لە پیلانی دوژمنانیش دەیانپارێزێت "هەرچەندە پیلانەكانیشیان زۆربن"، هەروەك ئەمە بەكردار لەسەردەمی زێرینی پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵاندا ڕوویداو دەستیانكرد بەڕزگاركردنی وڵاتان، بەمەش بەندەكانی خوا حەوانەوەو بە هەق فەرمان ڕەواییان كردو ئیدی خوای گەورە بەڵێنەكەی بۆ جێبەجێ كردن، وەك دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ ﴾ محمد: ٧. واتە: {ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە یارمەتی "ئاینی" خوا بدەن، ئەوە پەروەردگار ئێوە زاڵ و سەركەوتوو دەكات بەسەر بێباوەڕاندا.}

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ الحج: ٤٠ - ٤١.

واتە: {بێگومان خوا یارمەتی كەسانێك دەدات و سەریان دەخات كە یارمەتی "ئاینی" خوا دەدەن، بەڕاستی خوا بەهێزو باڵادەست و بەتوانایە. ئەوانەی ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان لەسەر زەویدا، بە چاكی نوێژ بەجێ دەهێنن و زەكات دەدەن و فەرمان بە چاكە دەكەن و ڕێگری لە خراپەش دەكەن، بێگومان سەرئەنجامی هەموو كارەكان تەنها بەدەست خوایە.} هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ الروم: ٤٧. واتە: {یارمەتیدانی باوەڕداران مافێكە لەسەرمان.}

وە دەفەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾ النور: ٥٥. واتە: {خوا بەڵێنی داوە بەو كەسانەتان كە باوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن كە بێگومان دەیانكاتە جێنشینی "خەڵكی تر" لە زەویدا، هەروەك ئەوانی "باوەڕدارانی" پێش ئەمانی كردە جێنشین و ئاینەكەیانی بۆ دەچەسپێنێت، ئەو "ئاینە" ی خوا پێی ڕازی بووە بۆیان، وە ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئاسایش و هێمنایەتی، "لەو كاتەدا" ئیتر هەر من دەپەرستن و هیچ هاوبەشێكم بۆ بڕیار نادەن، وە هەركەس بێ بڕوابێت دوای ئەوە "بەدی هاتنی بەڵێنەكان" ئەوە بەڕاستی هەر ئەوانەن دەرچوو لە ڕێگەی خوا.}

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔاۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ﴾ آل عمران: ١٢٠. واتە: {ئەگەر ئێوە بەئارام بن "لەسەر گوێڕایەڵی خوا" و لە پەروەردگار بترسن، بەدڵنیاییەوە پیلانی ئەوان هیچ زیانێكتان پێ ناگەیەنێت، بەڕاستی خوا تەواو ئاگادارە بە هەر شتێك كە ئەوان ئەنجامی دەدەن.}

لەم چەند ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار موسڵمانان هان دەدات و داوایان لێ دەكات دەست بگرن بە ئاینەكەیانەوەو سەری بخەن، ئەوەیە سەركەوتنی خوای پەروەردگار، بێگومان خوای گەورە زۆر دەوڵەمەندە لە بەندەكانی،

لێرەدا مەبەست لەوشەی "النصر" سەرخستنی ئاین و شەریعەت و دۆستەكانی خوایە، پەروەردگاریش سەرخەری ئەو كەسانەیە كە دینەكەی سەردەخەن و ئەوانەش زەلیل دەكات هەوڵی ملكەچ كردنی موسڵمانان و ئاینەكەی دەدەن؟ چونكە ئەو بەهێزو بەتوانایە. هەروەها لە ئایەتەكاندا خوا موژدەیەكی گەورەمان دەداتێ بەوەی هەموو ئەو كەسانە سەردەخات سەرخەری ئیسلامن و دەیانكات بەجێنشین لەسەر زەویداو تواناو دەسەڵاتیان پێ دەبەخشێت و، لە پیلانی دوژمنان دەیانپارێزێت.

لەبەرئەوە موسڵمانان لەهەر شوێنێك بن پێویستە دەست بگرن بەئاینی خواوەو یەكدەنگ و یەكگرتوو بن و لەسەر چاكەو تەقوا هاوكاری یەكتری بكەن و خۆیان لە هۆكارەكانی جیابونەوەو جیاوازی بپارێزن و، بۆ چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانیان بگەڕێنەوە بۆ قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ، بۆ بەردەوامبونیان لەسەر هەق و ڕاستی و خۆڕاگری و ئارام گرتن، لەگەڵ ئەوەی پێویستە وریابن لەگوێڕایەڵی كردنی نەفس و شەیتان، بەو شێوازە سەركەوتو و سەرفراز دەبن و، لە فێڵی دوژمنان پارێزراو دەبن، ئیدی خوای پەروەردگار شكۆ و سەركەوتنیان پێ دەبەخشێت و، لەسەر زەوی جێنشینیان دەكات و سەرئەنجامێكی باشیان دەبێت و دڵەكانیان یەكدەخات و، دوژمنایەتی و كینەیان لێ دادەماڵێت و، لە سزای ڕۆژی دوایی ڕزگاریان دەكات، دەربارەی ئەمەش پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله يرضى لكم ثلاثا: أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئا، وأن تعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا، وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم))[1].

واتە: خوای گەورە لە سێ شت لێتان ڕازییە: بیپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن، دەست بە ئاینی خواوە بگرن و پەرتەوازە مەبن، وە ئامۆژگاری ئەو كەسانە بكەن كە كاربەدەستانن و بۆ ئەمە خوا فەرمانی پێ كردون. هەر دەربارەی ئەو ئایەتانەی هێمان بۆ هاریكاری ئیسلامی پەروەدگار دەفەرموێت: ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ المائدة: ٢ .

واتە: {كۆمەكی یەكتری بكەن لەسەر چاكەو پارێزگاری و كۆمەكی یەكتر مەكەن لەسەر تاوان و دەست درێژی، لەخوا بترسن، بێ گومان خوا تۆڵەی بەتینە.}، ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڕوونی داوای هاریكاری ئیسلامی دەكات و لەسەر موسڵمانانی پێویست دەكات، كرۆك و واتاكەیشی بریتییە لە هاوكاری كردنی یەكتری لەسەر چاكەو تەقوا وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێ كردو، هۆشداری دەداتە موسڵمانان و ئاگاداریان دەكاتەوە لەوەی لەسەر خراپەو تاوان و دوژمنایەتی هاوكاری یەكتری نەكەن و، لەوەشدا خراپەو سەرئەنجامی زیان بەخش هەیەو، بەو هۆیەوە ڕووبەڕووی ڕق و تورەیی پەروەردگار دەبنەوەو، دوژمنان بەسەریاندا زاڵ دەبن و، دوچاری پەرتەوازەیی و ناكۆكی و جیاوازی دەبن و، ئەمەش سەر دەكێشێت بۆ شكست و خوزلان. داوا لە خوا دەكەم ئێمە بپارێزێت.

---

[1] أخرجه مسلم: كتاب الاقضية، باب النهي عن كثرة المسائل من غير حاجة، رقم (1715).

له كۆتایی ئایەتەكەشدا دەفەرمووێت: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾هۆشداری دەداتە موسڵمانان ئەگەر سەرپێچی فەرمانەكانی پەروەردگاریان كرد، ئەوە سزای خوایان بۆ دادەبەزێت، سزایەك كە بەرگەی ناگرن.لەو ئایەتانەی تریش كە باس لە هاریكاری ئیسلامی دەكەن، وەك: ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ التوبة: ٧١. واتە: پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێكیان یارمەتی دەرو خۆشەویستی هەندێكی تریانن، فەرمان دەدەن بە چاكەو بەرگری دەكەن لە خراپەو، بە ڕێك و پێكی نوێژ جێبەجێ دەكەن و زەكاتی "سامان" یان دەدەن و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكەن، ئەوانە لەداهاتودا خوا ڕەحمیان پێ دەكات، بەڕاستی خوا بەدەسەڵاتی كار دروستە.

ئەم سیفەتە گەورانە هەمویان خێرو ناونیشانی شادی و كامەرانین و هۆكاری چاكی كاروبارە دونیایی و دواڕۆژیەكانن، لەبەرئەوەیە خوا ڕەحم و میهرەبانی خۆی بەو سیفەتە بەرزانەوە دەبەستێتەوە وەك دەفەرمووێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ .

بەم ئایەتە ڕوون دەبێتەوە میهرو سەركەوتنی خوا بەسەر دوژمنداو عاقیبەت خێری..، هەموو ئەمانە پەیوەستن بەجێبەجێكردنی مافی خواو مافی بەندەكانی خواوە، ئەمەش بەتەواوی نایەتە دی تەنها بە هاریكاری و یەكگرتن نەبێت، وە پێویستە ڕاستگۆبین لە هەوڵدان بۆ ڕۆژی دوایی و بەوە ڕازی ببین كە لەلای پەروەردگارەوە دێت و دادگەربین لەگەڵ نەفسداو، دەربارەی ئەمەش پەروەدگار دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ﴾ النساء: ١٣٥.

واتە: {ئەی كەسانێك كە باوەڕتان هێناوە بەردەوام زۆر دادگەربن، لەبەر خوا شایەتی بدەن و تەنانەت ئەگەر شایەتیدانەكە دژ بەخۆشتان بێت، یان دژی دایك و باوك و خزمە نزیكەكانیشتان بێت، ئەگەر "شایەتی لەسەر دراوەكە" دەوڵەمەند بێت یان هەژار "ئەوا شایەتییەكە هەر بدەن" چونكە خوا بەوان لەپێشترە "قازانجییان چاكتر دەزانێت"، كەواتە شوێن ئارەزوو مەكەون بۆ ئەوەی لە هەق و ڕاستی لانەدەن، وە ئەگەر "شایەتییەكە" پێچەوانە بدەن یاخود نەیدەن و گوێی نەدەنێ، ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە بە كارەكانتان ئاگادارە.}

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾ المائدة: ٨ .

واتە: {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زۆر بەڕێك و پێكی هەستن بەئەنجامدانی فەرمانەكانی خواو، شایەتی دەربن بەدادو ڕاستی، با ڕق و كینەتان لەدەستەو كۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی ڕاست نەڕۆن و دادگەر

نەبن، دادگەربن چونکە ئەوە نزیکترە لە پارێزکارییەوەو لەخوا بترسن بێگومان پەروەردگار ئاگایە بە کردەوەکانتان.}

لەم دوو ئایەتەدا فەرمان بە باوەڕداران کراوە کە دادگەربن، سەبارەت بەمافی دۆست و دوژمن و خزمان و .. بە دادوەری بڕیار بدەین، دەبێت وریا بین و ڕێگە بە هەواو هەوەس و ڕق و کینە نەدەین کە بڕیارێکی پێچەوانە بدەن، وە خوا ئەوە ڕوندەکاتەوە دادپەروەری نزیکە لە تەقواو لەخوا ترسانەوە. هەر دەربارەی فەرزبونی هاریکاری ئیسلامی خوا دەفەرموویت: ﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴾ العصر: ١ - ٣.

واتە: { سوێندبێت بە کات. بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندان. مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێت و کردەوە چاکەکانیان کردبێت و ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئاینی ڕاست و ئامۆژگاری یەکتریشیان بە ئارامگرتن کردبێت.} .

لەم سورەتە کورتە پیرۆزەدا پەروەردگار ڕونی دەکاتەوە هیچ ڕێگایەك بۆ سەرکەوتن و قازانج و سەرئەنجامێکی باش و دووربون لە هەموو جۆرەکانی خەسارەتمەندی نییە، تەنها بەباوەڕو کردووەوەی چاك و ئامۆژگاری کردنی یەکتری لەسەر هەق و سەبرو ئارامگری نەبێت.

لە ڕاستیدا لەو کاتەوەی خوا پێغەمبەری ﷺ ناردوە تا دەگاتەوە بەم سەردەمەی ئێستامان، هەموو ئەو ڕوداوانەی لەو کاتەوە ڕویانداوە شاهیدی لەسەر ئەو بەڵگەو ڕاستەقینانە دەدەن کە سورەتەکە ئاماژەی پێ کردون. لەلای کەس شاراوەنیە، دوای ئەوەی لەپاش سەردەمی یەکەم موسڵمانان وازیان لەم فەرمانە خواییە هێنا، ئیدی دوژمنایەتی و تەفرەقەو ناکۆکی لەنێوانیاندا دروست بوو، هیچ چارەسەرێکیش بۆ ئەوە نیەی جگە لە گەڕانەوە بۆ لای ئاینی خواو پەیوەست بون پێوەیی و کارپێکردنی و، پێویستە لەکاتی کێشەو گرفتەکاندا ئاینەکەی پەروەردگار بکەینە دادوەر لە هەموو ناکۆکییەکدا، وەك دەفەرموویت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾ النساء: ٦٥.

واتە:﴿ نەخێر"وانیە کە خۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن" سوێند بە پەروەردگارت بڕوادارنین تا تۆ نەکەنە دادوەر لە هەر ئاژاوەو دووبەرەکییەکی نێوانیاندا، لە پاشان هەست نەکەن لە دەرونیاندا بەهیچ بێزارییەك لەو بڕیارەی کە تۆ داوتەو ملکەچ نەکەن بە ملکەچییەکی تەواو.} وە دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ النساء: ٥٩. واتە: {ئەی کەسانێك باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستە "دادپەروەرەکانی" خۆتان بن، جا ئەگەر لەشتێکدا دووبەرەکیتان هەبوو،

ئەوە بیگێڕنەوەو بۆ لای خواو پێغەمبەرﷺ، ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخواو بە ڕۆژی دوایی، بێگومان ئەوە چاكترەو ئاكام و ئەنجامی باشترە.}

هەر دەربارەی هاریكاری ئیسلامی لە فەرمودەكاندا وەك هاوكاری كردنی یەكتری لەسەر چاكەو تەقوا باس كراوە، وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (( الدين النصيحة ))، قيل: لمن يا رسول اللهﷺ؟ قال: (( لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم ))[2]. واتە: ئاین ئامۆژگارییە، وتیان: بۆ كێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ، فەرمووی: بۆ خواو قورئان و پێغەمبەرەكەیی وﷺ گشتی موسڵمانان. هەروەها پێغەمبەری خواﷺ لە فەرمودەیەكدا دەفەرمووێت: ((المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا))[3]. وشبك بين أصابعه. وە خۆشەویستﷺ دەفەرمووێت: ((مثل المسلمين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد، إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر))[4].

ئەم فەرمودانەو هەموو ئەوانەی دیكەش ئەم واتایە دەبەخشن، بەڵگەیەكی ڕون و ئاشكران لەسەر فەرز بونی هاریكاری ئیسلامی لەنێوان موسڵماناندا لە بەزەیی هاتنەوە بەیەكداو هاوسۆزی و هاوكاری كردنی یەكدی لەسەر هەموو چاكەیەك، لە چواندنیشیان بەیەك بیناو جەستەیەك، ئەوە دەگەیەنێت ئەوان بەیەكگرتنیان و هاوكاری و بەزەییان كۆ و یەكدەنگ دەبن، وە ڕیزەكانیان ڕێك دەخرێنەوەو لە خراپەی دوژمنەكانیان پارێزراو دەبن، سەبارەت بەمەش دەفەرمووێت: ﴿ وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٤. واتە: {ئەبێت لەناو ئێوەدا كۆمەڵێك ببن كە بانگەواز بكەن بۆ چاكەو فەرمان بدەن بە هەموو چاكەیەك و بەرگریش لە هەموو خراپەیەك بكەن، ئا ئەوانە خۆیانن سەركەوتوو.}

باشترین پێشەوا لەم بانگەوازە پیرۆزەدا، بریتییە لە گەورەو پێشەواو پێغەمبەرە خۆشەویستەكەمانﷺ، ئەو یەكەمین كەسێكە ئەم ئوممەتەی بۆ یەكتاپەرەستی بانگ كردووە، داوای كردوە دەست بەئاینی خواوە بگرن و، لەسەر هەق و ڕاستی كۆببنەوەو، لەیەك ڕیزدا بوەستن دژی دوژمنە هاوبەشەكەیان لە بەرجەستەكردنی بەرژەوەندیەكانیانداو بابەتە گرنگەكاندا، وەك كاركردنێك بەپەیامی خوا: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾ النحل. واتە: { "خەڵكی" بانگ بكە بۆ ڕێبازی پەروەردگارت بەلێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین، وە لەگەڵیان بدوێ"موجادەلە بكە"بە چاكترین شێوە، بێگومان پەروەردگارت خۆی چاك دەزانێت بەوانەی گومرابوون و لایانداوە لە ڕێگاكەی، هەر خۆیشی زانایە بەوانەی كە لەسەر ڕێگای ڕاستن.} وە دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ ﴾ یوسف: ١٠٨. واتە: {بڵێ ئەمە ڕێگای منەو بانگی "خەڵكی"

---

(2) أخرجه مسلم: كتاب الايمان، باب بيان أن الدين النصيحة، رقم (55).

(3) أخرجه البخاري: كتاب الادب، باب تعاون المؤمنين بعضهم بعضا، رقم (6027)، ومسلم: كتاب البر والصلة والآداب، باب تراحم المؤمنين وتعاطفهم، رقم (2585)، لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.

(4) أخرجه البخارى: كتاب الادب، باب رحمة الناس والبهائم، رقم (6011)، ومسلم: كتاب البر والصلة والآداب، باب تراحم المؤمنين وتعاطفهم، رقم (2586). لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.

دەکەم بۆ لای خوا لەسەر بەڵگەی ڕوون، من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون..} هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو پەیامە پیرۆزەیان پەیڕەو کرد، لەوەشدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناو بەئامانج گەیشتن و، پەروەردگاریش ئەو بەڵێنەی پێی دابون لە بەخشینی عیزەت و شکۆ و سەرکەوتن پێیان بوی بەرجەستە کردن، هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بەمە کرد. بەدڵنیاییەوە ئەوان بەهۆی باوەڕی دروست و جیهادو کردەوەی چاك و ئارامگری و ڕاستگۆیی لە کردارو گوفتاریاندا بوو کە خوا ئەو ئامانجانەی بۆ بەرجەستە کردن، ئەوانەی باسمان کردن بەهۆی ئەو هۆکارانەوە هاتونەتە دی نەك بەهۆی سامان و نەسەبیانەوە بێت، وەك دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ ﴾ سبأ: ٣٧.

واتە: {سامان و منداڵتان شتێك نین لای ئێمە کە پلەو پایەتان نزیك بکەنەوە، مەگەر ئەوەی باوەڕی هێنابێت و کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت، بۆ ئەوانەش پاداشتی دوو بەرابەر هەیە ئەمەش بەهۆی ئەو چاکانەی کە ئەنجامیان داون، ئەوان لە کۆشکە بەرزەکانی "بەهەشتدا" لە ئاسایش و هێمنیدان.} وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ((إن الله لا ينظر إلى صوركم ولا إلى أموالكم، ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم))[5].

واتە: خوای گەورە سەیری ڕوخسارو ماڵ و سامانتان ناکات، بەڵکو سەیری ناو دڵ و کردەوەکانتان دەکات. هەرکەسێکیش لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی هاوەڵان بڕوات، ئەوە پەروەردگار هەموو ئەو بەخششانەی کە بەهاوەڵانی بەخشی بوو بەوانیشی دەدا، هەرچۆن ئەوانی سەرخست ئەمانیش سەردەخات وەك دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴾ غافر: ٥١ - ٥٢.

واتە: {بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە سەرکەوتوو دەکەین لە ژیانی دونیاداو وە لەو ڕۆژەی "قیامەت" کە شایەتەکان هەڵدەسنەوە. ڕۆژێك پاکانەکردنی بێباوەڕییان سودیان پێ ناگەیەنێت و، هەموویان نەفرەتیان لێکراوەو خراپترین جێگایان هەیە.} وە دەفەرمووێت ﴿ وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٧١ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ ١٧٢ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴾ الصافات: ١٧١ - ١٧٣. واتە: {سوێند بەخوا بێگومان پێشتر بڕیارمانداوە بۆ بەندە نێردراوەکانمان. کە بێگومان هەر ئەوان سەردەخەین. ئاشکرایە هەر سەربازانی ئێمە سەردەکەون} لە شوێنێکی دیکەشدا خوا فەرمویەتی:﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ الروم: ٤٧. واتە: {وە یارمەتیدانی باوەڕداران مافێکە لەسەرمان.} داوا لەخوا دەکەین موسڵمانان لەسەر هیدایەت کۆبکاتەوەو لە ئاینەکەی شارەزایان بکات و کاربەدەستەکانیان ئیسلاح بکات و هەموویان بخاتە سەر ڕێگای ڕاست و،

(5) أخرجه مسلم في صحيحه: كتاب البر والصلة والاداب، باب تحريم ظلم المسلم وخذله، رقم (2564).

ڕاستگۆییان پێ ببەخشێت و لەسەر هاوكاریكردنی یەكتری ئامۆژگارییان بكات و، لە تەفرەقەو جیاوازی و ئاژاوەو فێڵی دوژمنان بیانپارێزێت.

وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله محمد وصحبه، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

IslamHouse.com